# له یادی دامەزراندنی پەرلەمانی باشوری کوردستاندا

**له یانزدەمین ساڵیادی دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراقدا کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان پیرۆزبایی له سەرۆك و ئەندامانی پەرلەمان و هەموو گەلی کوردستان دەکا . پەرلەمان دەستکەوتێکی مەزنە و بەرهەمی خەباتی سەخت و قوربانی گەلی کوردستانه.**

**لەم بۆنه پیرۆزەدا کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ئەو راستییه وەبیر دێنێتەوە کە پەرلەمان دەزگایەکی قانونی و سیاسیه و شەرعیەتی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان و داخوازییه رەواکانی له بەردەم بیر و رای جیهانیدا هەیه . بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکەی بە شێوازێکی قانونی و شارستانیانه زۆر گرنگه پەرلەمان ناوەندی دەسەڵاتی راستەقینه و بریاردان بێ و هەموو دەزگاکانی تر شەرعیەتی خۆیان و چالاکییەکانیان له قانون و بریارەکانی ئەوەوە وەربگرن وەکو بالاترین دەسەڵاتی قانونداناں له باشوری کوردستاندا . لەم باره نوێیەدا کە عیراق و باشوری کوردستانی پێدا تێدەپەرێ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێی دیموکراتی هەنگاوێکی گرنگ دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی باشوری کوردستان کە کاردانەوەی ئەرێنی له سەر رەوتی روداوەکان له عیراق و هەموو بەشەکانی تری کوردستان دەبێ .**

**جارێکی دی یادی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان پیرۆز دەکەین و هیوادارین له دەمێکی کورتدا و له ئەنجامی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیدا خۆی نوێ بکاتەوە و ببێته ناوەندی هەموو دەسەڵاتەکان و نوێنەرایەتی گەلی کوردستان و داخوازییه رەواکانی بکا.**

**کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

**برۆکسل** 9 . 6 . 2003